# ئەم ئێوارە



کاوەی خەسرەو کاوانی

ئەم ئێوارە خەیاڵی تۆ    غەریبی من هەڵدەستێنێ
نەسیمی ئەم درەنگانە    بۆنە رەیحانەی تۆ دێنێ

★ ★ ★

تۆ فرمێسکی بەجێماوی    رۆحی  بریندارى  منی
تۆ نەك تەنیا تاکە رۆژی    سەرتاپای بەهاری منی

★ ★ ★

بڕیارم بوو خۆم بە خەمی    رابردووی تۆ هەڵنەواسم
خۆم نەدەمە دەست قەدەرو    نەتکەم بەسەرچۆپی باسم

★ ★ ★

نەبڕیارم لە جێ ی خۆی ما    نەدەتوانم جێ بەجێ ی کەم
چۆن دەتوانم خۆشەویستیت    هەروا بەسانا بەرێ ی کەم